# ڕێکەوتنامەی نەهێشتنی تاوانی جینۆساید و سزادانەکانی



**هیلال ئیبراهیم**
hilalib@yahoo.com

**((لێکۆڵینەوەیەکی هاوکات لەگەڵ دادگای کردنی سەدام لەسەر ئەنفال))**

**پێشەکی :**

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بەمەبەستی ناساندن و خستنە رووی جینۆساید لەرووی یاسای نێودەولەتی و ئەو هەولأنەی لەو پێناوەدا دراون لێرە تەنها پێداگری لەسەر ڕێکەتننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان کراوە کە ڕێکەوتنێکی تایبەتی بەناوی ڕێکەتنامەی نەهێشتنی تاوانی جینۆسایدو سزادانەکانی دەرکردووە گرنگی باسەکە خۆی لە جەختکردنەوە دەبینێتەوە لەپێناو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و سزادانی ئەو بەرپرس و لایەن و کەسانەی کەهەڵساون و هەڵدەستن بەئەنجامدانی ئەو کارە یانیەتی هەڵسانیان هەیە بۆ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە بۆیە ژمارەیەك لیژنە و ڕێکخراو وکۆمەلەپێك هاتن. لەئەنجامی پێکهێنانی ئەو کۆمەڵ و ڕێکخراوانەدا چەندرێکەوتنامەیەك بۆپاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەرکران. گرنگترین ڕێکەوتنامەی تایبەت بەو بوارە ڕێکەوتنامەی نەهێشتنی تاوانی جینۆسایدو سزادانەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانە کەلەلایەن کۆمەلەی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە بەژمارە( 260) (د_3) 9ی کانونی یەکەمی 1948پەسەندکرا. لەراستیدا ئەم تاوانە لەکۆنەوە تا ئێستا چەند جارێك مرۆڤایەتی هەژاندووە چۆك فرانك و کۆرت (لەلێکۆلینەوەیەکی گشتی و تەواودا بۆ مێژوو و زانستی کۆکوژی مرۆی (جینۆساید )گەیشتوونەتە

ئەوەی کە زیاتر لە بیست و چوار نمونە دەست نیشان بکەن لەکوشتنی بەکۆمەڵی خەڵك لەشەری ڕۆماو قرتاجەوە و,شەری مەغۆلەوە تا مەحرەقەی بەنگلادش و کە مبۆدیا )1لەگەڵ ئەوەدا تواناى دەست نیشانکردن و دیاریکردنی کوژراو زیان لێکەوتوانی ئەم تاوانە ئالۆزە تاھەنوکە ئامارێکی وورد لەبەردەستدانیە .

## لێکۆلینەوەکە لەسێ بەشی سەرەکی پێکدێت

**یەکەم: تیۆری گشتی تاوانی جینۆساید**

دووەم:ھەوڵی نێودەوڵەتی دەربارەی ڕێکەوتنامەی نەھێشتنی جینۆساید

**سێیەم:ھەوڵی نێودەولەتی لەچوارچێوەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا**

باسی یەکەم: تیۆری گشتی تاوانی جینۆساید

**بەشی یەکەم**

**پێشینەی مێژوویی تاوانی جینۆ ساید**

بێگومان ئەم تاوانە بەیەکێك لەتاوانە ترسناکەکانی مێژووی بەشەری دەژمێردرێت لەگەڵ ئەوەدا لەنێو مێژووی مرۆڤایەتیدا اەسەردەم و کاتەجیاوازەکان و بەشێوەی جۆر بەجۆر تاوانی بەکۆمەڵ و قڕکردنی دەستە جەمعیانە لەلایەن گروپ و کەسانی دەسەلأتدارەوە ئەنجام دراوە بەلأم تاھەنووکەش ئەو تاوانە بەشێوەو جۆر و کەرەستەی جیاواز جیاواز ئەنجام دەدرێت. بۆیە پێشینەیەکی مێژووی یەکلاکەرەوەنیە کە بگەڕێینەوە سەری لەرووی مێژووی یاساییەوە.

**مانا و مەبەست لەجینۆساید چیە؟**

(جینۆساید) وەك چەمك وەرگیراوە لە وشەی ئینگلیزی (genocide)وە ئەم وشەیە لەڕووی زمانیەوە بنەچەیەکی ئیغریقی لاتینی ھەیە وە لەدووبەش پێکھاتووە یەکێکیان لە وشەی یۆنانی(group.genus)و مانای(کۆمەڵ) دەگەیەنێ ئەوی دیکەیان (caeder)لاتینیە و واتە( کوشتن) وە ئەم چەمکە پڕۆفیسۆر رافائیل لمکن (raphal lemkine) دوای ئەوەی مرۆڤایەتی بۆ چەندین جار روبەروی کوشتن و لەنێوبردن بوەوە لەساڵی 1943و لە دوای جەنگی دووەمی جیھاندا ساغی کردەوە)2

ھەروەھا(ڕێکەوتنامەی نۆرمبێرغ پێناسەی جینۆسایدی کردووە لەساڵی 1948 لەو ڕێکەوتنەدا بەم

شێوه پێناسەکراوه که جینۆساید برتییه له هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی یا کوشتنی گشتی یان بەشەکی کۆمەلەٚخەڵکیٚبەبیانوی جیاوازی نەژادی یا سیاسی)  3

وه(دەقی مادده دوو لەرێکەوتنامەی نێودەولەتی نەهێشتن و سزادانی تاوانی کۆمەڵکوژی مرۆی(جینۆساید) دەستنیشانی ئەو تاوانەی کردوەو تیایداهاتوه  واته کارێك کەئەنجام بدرێت بەمەستی لەنێوبردنی گشتی یابەشەکی کۆمەله خەڵکیٚ بەسیفەتیجیاوازی قەومی یانەژادی یادینی وه. 4

## کۆلەٚکەکانی تاوانی جینۆساید

**کۆڵەکەی ماددی کە ئەو تاوانەپێك دەهێنیٚ:**

(لەیاسای سزادانی عێراقیدا روکنی ماددی تاوان بەو شێوەیەناسراوەکەئەوهەلسوکەوتە ,تاوانکاریەیە کەبەهەستان یاهەڵنەستان بەکردارێك تاوانی لیٚدەکەوێتەوە)5

وە پێناسەی دەکات کەکرداری  یاسا مانا و مەبەست لەهێنانی ئەم کۆڵەکەیە هاو واتایە لەگەڵ پێناسەی نێودەولەٚتی بۆ جینۆساید

## باسی دووەم: هەوڵی نێودەوڵەتی لەسایەی کۆمەڵی نەتەوەکاندا (عصبە الامم)

(جەنگی یەکەمی جیهانی کارەساتێکی گەورەی بەسەر مرۆڤایەتیدا هێنا لە چوارچێوەیەکی فراواندا) بۆیە هەوڵێکی زۆر درا لەلایەن ولاٚتانەوە بۆ گەڕانەوەی ئاشتی و مافی ژیانێکی سەلامەت بۆ خەڵکی وەئەو جەنگە دەرەنجامێکی وێرانکەری هەبوو هەرلەکوشتن و وێرانکردنی ژێرخانی ئابوری وولاٚتان تا بلاٚوبوونەوەی هەژاری )6

(دوای هاتنە دەرەوەی ولاٚتان لەو جەنگەدا دەولەٚتە سەرکوتووەکان بۆ چارەسەرێك دەگەران بۆقەرەبووکردنەوەی ئەو زەرەر و زیلنەی کەلەجیهان کەوت  بەهۆی ئەو جەنگەوە بۆیەبیریان لەدروست کردنی کۆمەلەٚیەکی جیهانی کردەوە کەمەبەست و ئامانجی هێنانەدی ئاسایش وئارامی بێت بۆ دنیا.)7

لەرێگای کارو هەولەٚ بەردەوامەکانی هەندێك دەولەٚتی جیهان دوای ئەم قۆناغە ترسناك و مەترسیدارە ی مێژووی مرۆڤایەتی بۆ بەرگرتن لە روونەدانی کارەسەتی وەهای  دیکە, پەیماننامەی کۆمەڵی نەتەوەکانی تایبەت  بەتاوانە نێودەولەٚتیەکانی ساڵی 1909.

وەك وەلاٚمێك دەبینرا,لەپێناوەدا هەریەك لە وولاٚتەیەکگرتوەکانی ئەمریکاو بەریتانیا بیرورایان

گۆڕیەوە سەبارەت بە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی تاگەیشتنە ئەوەی ڕێکەوتنێك ببەستن بۆ دانانی لیژنەیەکی هاوبەش وە بانگی وولاَتانی دیکەیان کردبۆ بۆ کۆنگرەیەکی گشتی لەنیسانی ساڵی 1919بەمەستی گفتوگۆ کردن سەبارە بەرێوشوێنەکانی دروستکردنی ڕێکخراوێك کەبتوانێك پشتگیری لەپاراستنی مافەکانی مرۆۋ بکات (بۆیە دەوڵەتەبەشداربووەکان گەیشتنەرێکەوتن و بریاری دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیان دا بەناوی کۆمەلەی نەتەوەکان(عصبە الامم) کە بەندەکانی هاتنە بواری جێبەجێکردنەوەلە ساڵی 1920دا وە لەوریکەوتنامەیەدا چەند مەبەستێکی گرنگ خرابووە روو لەوانە:

1.ڕێگرتن لەهەڵگیرساندنی جەنگ

2)هێنانەدی ئاشتی جیهانی

3)پابەندبونی دەولەتان بەکۆتایهێنان بەجیاوازییەکانیان بەرێگە چارەی ئاشتیانە

4)چەك داماڵین

5) سزادانی ئەو دەولەتەی هێرش دەکاتە سەر دەولەتێکی تر)8 (لەگەڵ ئەو مەبەستانەی کە کۆمەڵەی نەتەوەکانی لە سەر بینا کرا جەند ئامانجێکی دیکەی هەبوو لەوانە:

1)ڕەزامەندی دەولەتان بەپابەندبونیان بەنەگەڕانەوەیان بۆ نێو جەنگ 2)پەیوەندیەکانی نێوان وولاَتان لەسەربنەمای شەرەف و عەدالەت بێت

3)ڕێزگرتنی یاسانێودەولەتیەکان و پشت پێ بەستنیان لە هەڵسوکەوتەکانیاندا

4)هێنانەدی دادپەروەری و ڕێز گرتن لەپابەندبوونەکانیان کە بریاریان اەسەر داون لەپەیماننامەکاندا

5)دوای دامەزاندنی کۆمەڵەی نەتەوەکان )9

## باسی سێیەم: هەوڵی نێودەولەتان لەسایەی نەتەوەیەکگرتوەکاندا

(جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی پێشێلکردنێکی دیاری مافەکانی مرۆڤی ڵێکەوتەوە کەتیایاندائینسانەکان مافی بوون و ژیانیان لەدەستدا لەهەمووشتێکدا تەنانەت لەمافی بەردەوامی دان بەژیان بۆیە گومانی تێدانیە پەیدابوونی ڕێکخراوەیەکی جیهانی بۆ ئەو مەستە گەلێك گرنگ بوو لەکاتەداو لەگوارگێوە و ناوێکی نویچدا هەیئەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێك هات بە سود وەرگرتن لە کۆمەڵ نەتەوەکان بێگومان بۆکۆمەڵێنیودەولەتی پێویست بووکە چارەسەرێکی بنەرەتی بۆ تەهێشتنی جەنگ و کۆتایهێنان بەپێشێلکردنی مافی مرۆۋ بدۆزرێتەوە)10 وەبۆیە (پەیدابوون و هاتنە ئارای سیستمێکی نوێ پێویست بوو بۆ پاراستنی ئاشتی وەدرێژەدان پێی لەداهاتوودا بەم هۆیەوە ژمارەیەك بانگەواز دەرچوون لەلایەن هەندێ وولاَتەوە )11

دەتوانین دەرکەوتە سەرەتاییەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بانگەوازەکەی بگەرێنینەوە( بۆ کۆبوونەوەی

/1941ی واشنتۆن کەتیایدا بیست و یەك دەولەت بەشداربوون وە هاوپەیمانیەتیەکیان پێك هێنا بەگوێرەی بریاری ئەتلەنتی 1941/8/12لەگەلئەوەدا بویەکەم جار نناوی نەتەوە یەککگرتوەکان) 12ئاماژەی بەدەولەتاندا کە پابەندی خۆیان بۆ بنەماکانی دەربڕن کەلەمیساقی ئەتلەنتیدا هاتوون (دوای ئەوە بانگەوازێ بلاوبوەوە لە30تشرینی بەکەمیسالێ 1943لەمۆسکۆلەنێوان یەکێتی سۆڤیەی و بەریتانیا و صین کە جەختیان کردەوە لەسەر زەرورەتی پەیدابوونی رێکخراوەی دەولەتان لەپێناوچارەسەرکردنی ئاشتی و ئارامی نێودەولەتی)13

ئەمە هەولێکی بنچینەی عەمەلی بوو بۆ هێنانەدی ئەو رێکخستنە بەرەو رێکخستنی سالی 1944لەنیوان بەریتانیا گەورەو وولاتەیەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤیەدا .

(لەنێوان رۆژانی 9/29بۆ 10/7ی1944نێوانبەریتانیاو وولاچتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا ,صین وە ئەو کۆنگرەیە کۆتایهات بەچەندپێشنیازکراوەهەندێك خالێ کەرێك نەکەوتن لەسەری بەلام لەکۆنگرەی یالتای شوباتی 1945بەئامادەبوونی هەریەك لەستالین و رۆزفێلت و تشرشل وە رێکەتنێکیان لەسەر دامەزراندنی رێکخراوەیەکی نێودەولەتی)14 (وەرێکەتن لەسەر مەسەلەی مافی فیتۆ لەکۆتایدا (اەکۆنگرەی فرەنسیسکۆی25ی نیسانی 1945و بەئامادەبوونی نوێنەری پەنجا ولات گەیشتنە پیاغەکردنی دەقی پەیمانێکی نێودەولەتی)15

لەگەلێ ئەو رێو شوێنانەدا( ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەلایەتی بڕیاری دەرکرد لە سالی 1945 وەتیایدا بارودۆخەکەی لەنامەیەکدا ئاراستەی نەتەوە یەگرتووەکان کرد کەتایبەت بوو بەو بنەمایانەی کە رێکخراوەکەی لەسەر وەستابوو.)

وەك رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ هەولدان بۆ ئاشتی و ئارامی لەجیهاندا وەنامەکە بەشێوەیەکی ئاشکرا دابەش کرا بەسەر هەر یەك لە لیژنەکانی مافی مرۆڤی ئەو رێکخراوە.)16 بەلام نامەیەکی دیکە هەر لەو پێناوەدا بەشێوەیکی نهێنی درایە رێکخراوەکە کەتیایدا بەشێکی زۆری شکان بوو لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەجیهاندا وەنامەکە تەنها بۆ ئەندامانی لیژنەی فەرعی تایبەت بەرێگرتن لە جینۆسایدی کلتوری و پاراستی کەمینەکان.( لەم بوارە رێکخراوی نەتەوە یەککگرتوەکان تا حالی حازر نوزیکەی 61 وەپیقەی و بەندی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ دەرکردوو بۆ نمونە وپایقی تایبەت بەجینۆساید وەهەروەها

1.رێکەوتنامەی نەهێشتنی تاوانی جینۆساید و سزادانی.

2.رێکەوتنامەی نێودەولەتی بۆ کۆتایی هێنان بە هەموو جۆرە لەنێو بردنێکی نەژادی.

3.رێکەوتنامەی رێگرتن لە کردنی تاوانی جەنگ و یان تاوانی دژی ئینسان.

4.بانگەواز لە بارەی نەهێشتنی هەموو رێگاو شێوازەکانی، توندڕەی و لەنێوبردنی لە بەر هۆی دینی و یا بیرو باوەڕی.

5.بنەمای هاوکاری نێو دەولەتی لە گرتن و سزادان و تەسلیم کردنی ئەو کەسانەی کەتاوانیان بە

ئەنجامدانی تاوانی جەنگ یان تاوانی دژە ئینسانی.)17

(میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێشەکیەك و 19 بەش و 111 مادده پێك هاتووە وەپێشەکی میپاقە کە مەسەلەی بالأیە و ئامانجی هاوبەشی دەوڵەتانە کە هەموو خەڵکی بەرەو پیری دەڕۆن و هاوکاری وڵاتەکانیان دەکەن بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێك کەبتوانێت پلەو ئامانجە بالأیانەی کەلەپێناویدا دادەمەزرێت بهێنێتەدی.)18 (وەرێکەوتنێك بەسترا کەتایبەت بوو بە نەهێشتنی لە ناوبردن و کوشتن و جیاکردنەوەی نەژادی وەرێگرتن لە جینۆساید لە 1948/12/9 نەتەوەی یەکگرتووەکان ئەم ڕێکەوتنەی بلأو کردەوە، ڕێکەوتنەکە هەموو لەنێو بردنێك مەحکوم دەکات کەبەهۆی جیاوازی عرقی یا ڕەنگ یان ڕەسەنایەتی ئەنجام بدرێت و کەرامەتی ئینسانی پیێ لەکەدار بکرێت و بەو بیانوەوە لەنێو ببرێت. وەك ئاشکرایە یەکێك لەگرنگترین ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێو دەوڵەتانە)19 لەماوەی گرتنە بەری ڕێگای هاوبەش و فەعال بۆ نەهێشتنی ئەو کارانەی کە دەبنە هۆی ئاژاوەو جەنگ و بۆ کۆتایی هێنان بە کوشتن و دژایەتی و چارە کردنی کێشەکان بەڕێگا چارەی ئاشتیانە وە لەلایەکی دیکە هێنانەدی هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ شیکاری مەسەلەی دەوڵەتان بە شێوەیەکی سروشتی و شێوەیەکی نویێ لەدروست کردنی پەیوەندی ئابوری، کۆمەلأیەتی و ڕۆشنبیری دەبێت. وەدەوڵەتان ئیمزایان لەسەر ڕێکەوتنامەی نەهێشتنی جینۆساید و سزادانەکانی کردووە لە بەڵنامەیەکدا لەماددەی 5 لە ڕێکەوتنامەی .

## باسی چوارەم: هەوڵی نێودەوڵەتی لەسایەی نەتەوە یەکگرتووەکان

**یەکەم :بریاری کۆمەڵەی گشتی دەربارەی ئەو ڕێکەوتنە**

(هەموو دەولەتێکی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان ئەندامە لەکۆمەڵەی نەتەوەکاندا بەلأمزۆربەی ئەندامکانی لەپێنج دەوڵەت و بەردەوامەکەی یەوە هەموو ئەندامێك یەك دەنگی هەیە کەشوهەوای دوای جەنگی جهانی بریارێك دەرچوو لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بەژمارە 1196ی ڕۆژی 10ی کانونی یەکەمی 1946لەماوەی خولی یەکەمی خۆیدا ئەم کۆمەڵە هەستا بە پێشنیاز کردنی هەریەك لەووڵاتانی صین کوبا بۆدراسەکردنی تاوانی کۆمەڵکوژی لێکدانەوە لەسەری دوای بێنە و بەردەو مناقەشەکردنی نێوان ووڵاتان لە ڕێکخراوەدا. هەوڵدانێکی زۆر لەو پێناوەدا گەیشتنە بریاری کۆتای لە9ی کانونی یەکەمی 1948وەئەو ڕێکوتننامەیە پێی دەوتلرێت ڕێکوتنامەی نەهێشتنی تاوانی جینۆسایدو سزادانەکانی )20

## دووەم :پرۆژەکاننی ڕێکەوتنامەی نەهێشتنی تاوانی جینۆساید

(کۆمەلەی گشتی نەتەوە یەکگلرتوەکان ڕێکەوتنامەی نەهێشتنی جینۆساید و سزاداکانی دەکرد لە9ی کانونی یەکەمی 1948وە ئەو ڕێکەتنامەیە یەکەمین ڕێکەوتنامەی مافی مرۆڤ بوو پێش جاری گەردوونی مافەکانی مرۆڤ بە ڕۆژێك پێش ئەم ڕێکەتنامەیە بەسترا و ناونراو لەسەر برگەکانی ڕێکەوتن وە دوای چەند قۆناغێکی جیاواز دانی پیچدانرا لەلایەن کۆمەڵەی گشتیەوە وە سەرەتای قۆناغەکە بەبریارێکی کۆمەلەی گشتی ژمارە 96(د_1)کەسێپرۆژەی لەخۆ گرتبوو دەستی پێکرد کەئەم پرۆژرنەی لای خوارەوە بوون )21

ا)پرۆژەی سکرتاریەت

ب)پرۆژەی لیژنەی تایبەت

ج)پرۆژەی لیژنەی شەشەم

## دەرەنجام

ڕێکەوتنامەی نەهێشتنی جینۆسایدو سزادانەکانی یەکێکە لەدیارترین ڕێکەوتنامەکانی تایبەت بەپاراستنی مافەکانی مرۆڤ گەچی لەسەدەی نوێ و دوای ئەو ڕێکەوتنە زۆرترین قڕکردن و لەنێوبردنی مرۆڤی لێکەوتەوە هەم لەبەرچاوی نەتەوە یەکگرتوەکان و هەم لەبەرچاوی دەوڵەتانی دونیادا. کودیش یەکێکە لەو میللەتانەی کەدوای ئەو ڕێکەتنە کەوتە بەر کوشتن و لەنێو بردنەوە کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال دووکارەساتی دیارو زیندووی میللەتی ئێمەو مرۆڤایەتین لەکاتی ئەنجامدانی جینۆسایدی گەلی کوردا هەم دەوڵەتانی دونیا لەو تاوانانەی بەعس خۆیان کوێرو کەڕەکردو هەم نەتەوە یەکگرتوەکان  دوای لێکۆلینەوەیەکی زۆر لەبارەی نەتەوە یەکگرتوەکان و دەوری لەپاراستنی مافەکانی مرۆف و پاراستنی مافی کەمینەکان و ڕێگرتن لەکوشتنی بەکۆمەڵی خەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان یەکێکە لەبێتواناترین و دەستتەمۆترین ڕێخراوئەو ڕێکخراوە لەدنیادا هیچ وەزیفەیەکی دیکەی نیە جگە لەپاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا نەبێ

## سەرچاوەکان :


1. HTTP://YALEPRESSGALE.EDU/YUPBOOKS/VIEW BOOK.ASP?.
2. ابراهيم، فلا فريد: المؤلية المدينة الدولية عن جريمة الابادة الحماعية، مطبعة جامعة صلاح الدين، طبعة الاولى 2004 .
3. file //c:documents and setting zeryan /desktop/genocide in Arabic >htm

(4ابراهيم ,ڤالافريد المصدر سابق,ص35

5: صومد، عبد الوهاب: الاجرام الدولى، مطبوعات جامعة الكويت، طبعة الاولى 1987.
:6 HTTP://WWW:QEMDIHET LDN 100 .HTM
7 .شكرى، محمد عزيز: مدخل الى القانون الدولى العام. مطبعة جامعة ديمشق طبعة سابعة.
8:السعدى، حميد: المساخرات(مقدمة فى دراسة القانون الدولى الجنائى، مطبعة المعارف، طبعة الاولى1971 .
9:ابوصيف، على صادق: القانون الدولى العام. مطبعة الباب المعارف بالاسكندرية، طبعة ثلية غشرة، جزء الاول.

10UTT:WWW.AMAUJORDON.ORGMAN=STUDI: مركزدراسات الامان
11:.رشيد، فخرى و داود، صلاح ياسين: المنظمات الدولية، دار الكتب للطباعة واانثر، جامعة موصل.
12:**رشد ,فخرى و داود : المصدر سابق**8
13:رشيد، فخرى و داود، صلاح ياسين: المنظمات الدولية، دار الكتب للطباعة واانثر، جامعة موصل.

14:الغنى، محمد طلعت: قانون الامم المتحدة(عرض و تحليل) دار المعارف بمرصر، طبعة الاولى 1957 .
15:الامم المتجدة: حقائق الاساسية عن الامم المتحدة، اعلام الامم المتحدة, نيورك 1977

16:الامم المتجدة: حقائق الاساسية عن الامم المتحدة، اعلام الامم المتحدة ص120
:17 HTTP://YALEPRESSGALE.EDU/YUPBOOKS/VIEW BOOK.ASP?

HTTP://WWW:QEMDIHET LDN 100 .HTM.:18
19د. بيونى، محمود شريف، والدقاقة، محمد سعيد و وزير، مبدالعضيم: صتوقة الانسان(الوثائقالعالمية والاقليمية) مجلد الاول دار العلم الملاين طبعة ثانية 2001
20: دكؤران محمود، ضارى خليل يوسف، باسل: المحكمة المنائية الدولية حسينة القانون ام القانون اهنية بيت اكحلة، صبعة الاولى 2003 .
21.يونس، محمد مصطفى: ضع قرار فى المنضمات الدولية، دار النهضة العربية قاهرة، طبعة الاولى 1999 .